# یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان

## ( ١٩٥٨ - ١٩٥٩ )

**کۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیی**

**نووسینی : دکتۆر یاسین سەردەشتی**

**زانکۆی سلێمانی**



**ناوی کۆڵینەوە: یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان ( ١٩٥٨- ١٩٥٩)**

**نووسینی : دکتۆر یاسین سەردەشتیی**

**شوێنی چاپ : سلێمانی**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٥**

**ئامانجی کۆڵینەوەکە:** ئەم کۆڵینەوەیە، هەوڵی قسەکردن لە هەلومەرجی دامەزراندن و کاری ڕێکخراوێکی پیشەیی خوێنکارییانەی کوردیی لە شاری سنەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدات، ئەو ڕێکخراوەی کە لەلایەن ژمارەیەك لە فەقێیانی ئاینیی و خوێندکارانی خوێندنگا فەرمییەکان و لەژێر ناوی "یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان" دامەزێنرا، ئەوەی تا ئێستا لە هیچ کارو لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا نەك هەر باسی لێنەکراوە، بەڵکو ناویشی نەبراوەو ڕووداوێکی ونە لەمێژووی خەباتی خوێندکارانی ئازادییخوازی کورد دا.

**بایەخی کۆڵینەوەکە:** بایەخی کۆڵینەوەکە لەوەدایە کە فاکتێکی نوێ لەبواری مێژووی هاوچەرخی کورددا دەخاتە بەرچاو، ئەویش ڕووداوی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاریی کوردە لە شارێکی وەك سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغێکی مێژوویی هەستیارداو لەسایەی کاریگەریی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی لەو بەشەی کوردستاندا، جگەلەوەی هەستی هاوبەستەگیی نەتەوەیی کوردمان لەو دوو پارچەیەی کوردستاندا دەخاتەپێش چاو کاتێك ئازادیخوازانی کورد لەعێراق و لە دەرەوە، لەڕێگەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیانەوە ناڕەزایی خۆیان دژی هێرشکردنەسەر ئەو ڕێکخراوە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێرانی شاهەنشاهییەوە دەردەبڕن

**چوارچێوەی کاتیی کۆڵینەوەکە:** یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٨دا دامەزرێنرا، ئەو ماوەیەی کە سەرەتای قۆناغێکی هەستیارو ئاڵۆزە ، بەهۆی ئەو



گۆڕانکارییانەی کە لەئاکامی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨دا لە ناوچەکەدا هاتبووە کایەوەو کاریگەری زۆری لەسەر هێزو هاوکێشە سیاسییەکاندا هەبوو.

**میتۆدکاریی کۆڵینەوەکە:** کۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای میتۆدی کۆڵینەوەی زانستیی مێژوویی شیکاریی ئەنجامدراوەو ژمارەیەکی نووسین و کتێبی مێژوویی کردوونەتە سەرچاوەو پەنای بۆ چاوێکەوتنیش بردووەو دەقی ژمارەیەك بانگەوازو هەڵوێستی دابەزاندووە کە لە ڕۆژنامە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراوەکانەتەوە.

## شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان

هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیی هاشمیی دەسەندەخۆری بەریتانیاو ڕۆژئاوا لە عێراق و لەجیاتی دامەزراندنی کۆمارێکی نیشتمانیی گەلیی بەسەرکردایەتیی (عەبدولکەریم قاسم)، بە قۆناغێکی گرنگ و جیاکەرەوە لەمێژووی عێراق دادەنرێت. دوای ئەوەی لەڕێگای کودەتایەکەوە بە ڕابەرایەتیی قاسم، ڕژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا ڕووخێنراو بەشی زۆری بنەماڵەی پاشایەتیی و فەرمانڕەواو سیاسەتکارەکانی ئەو ڕژێمە، لەسەرووی هەموویانەوە (نوری سەعید) لەناوبران.[1]

[1] بۆ زیاتر: الزبيدي، محمد حسين، ثورة تموز ١٩٥٨ في العراق. اسبابها ومقدماتها ومسيرتها وتنظيمات الضباط الأحرار. دار للشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٣.

شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ جیهانی ڕۆژئاواو رژێمە وابەستەکانیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، چوونەدەرەوەی ڕژێمی نوێی کۆماریی عێراق لە پاکتی بەغدا لەساڵی ١٩٥٩داو ڕاگەیاندنی سیاسەتی بێلایەنیی لەسەر ئاستی دەرەوەو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت و هەندێك لە ولاتە سۆشیالیستەکان، نفوزو بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای لە ناوچەکەدا توشی پاشەکشە کرد. جگە لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆش، شۆڕش ئاسۆیەکی گەش و نوێی خستە بەردەم خەباتی هێزە نیشتمانیی و دیموکراتیی و چەپە شۆڕگێڕەکان.[2]

لەلایەکی ترەوە، ڕێبەرانی شۆڕشی عێراق، سەرەتا هەڵوێستێکی ئەرێییان سەبارەت بە گەلی کورد لە عێراق گرتەبەر، دەستوری کاتیی ڕژێمی کۆماریی لە بەندی ٣دا، دان بە بوونی کورد لە عێراقدا دەنێت و عێراق بە موڵکی عەرەب و کورد ناودەبات. دابینکردنی چالاکیی سیاسیی و کاری ڕێکخراوەیی و پەرەسەندنی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا بە دەستکەوتێکی کاتیی وگرنگی شۆڕشی ١٤ی تەموز لە قەڵەم دەدرێت، بەجۆرێك هەلومەرجێکی نوێی لەبەردەم دەستپێکردنی چالاکی ئاشکرای پارتە سیاسییە جۆربەجۆرەکان پێکهێنا.[3]

[2] هەمان سەرچاوە، ل٤٩٧-٥١٥.

[3] الطالباني، جلال، كردستان والحركة القومية الكوردية، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٧٠، ص١٧٥-١٨٣.



لەم بوارەدا گەڕانەوەی (مەلا مستەفا بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لە یەکێتی سۆڤێتەوە بۆ بەغدا لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، کاریگەریی لەسەر هەژاندنی سۆزی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، بەتایبەت لە کوردستانی عێراق کە تیایدا پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان قەڵەمبازێکی جەماوەریی بەخۆیەوە بینی و بووە پارتێکی پێشەنگی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا.[4]

لەڕاستییدا، هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەدوایدا هاتن، بۆ ڕژێمی دیکتاتۆریی شاهەنشاهیی پەهلەویی ئێرانیی، لەچەند ڕوویەکەوە مایەی پەژارەو دەردەسەریی بوو. لەسەرێکەوە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیی هاشمیی هاوپەیمانی ئێران و ڕۆژئاوا لە عێراق و دەرچوونی ڕژێمی نوێ لە پاکتی بەغداو بوژانەوەی چالاکیی سیاسیی و ڕێکخراوەیی پارتە سیاسییە دیموکراتیی و نەتەوەیی و چەپەکان، لەسەرێکی تریشەوە گەڕانەوەی مەلا مستەفاو بارزانییەکان لە شورەوییەوە بۆ عێراق و هەڵکشانی سۆزی نەتەوایەتیی گەلی کورد و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراقدا کە دوو مەسەلەی سەرەکی بوون و ڕژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران بە هەڕەشەی خەتەرناك و کارەساتهێنەری بۆ خۆی لە قەڵەم دەدان. بەتایبەت لەو دەمەدا عێراق وەك پەناگای ئازادییخوازە

[4] غريب، أدموند، الحركة القومية الكوردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ل٣٧-٤٢.

ڕاوەدونراوەکانی ناوچەکە چاوی لێدەکراو پەرەسەندنی نفوزی حیزبی شیوعیی و سەردانی ڕابەرانی ئاوارەی حیزبی تودەی ئێران بۆ عێراق و دامەزراندنی چەند بنکەیەکیان لەو وڵاتە، شای ئێرانی بەجۆرێك سەخڵەت کردبوو کە وای دەزانی زۆرنابا دەکەوێتە نێوان بەرداشی کۆمۆنیزمەوە لە باکورو ڕۆژئاواو ناوەخۆی وڵاتدا.[٥]

لەوەش زیاتر، سەردانەکانی مەلا مستەفا بۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق و هێرش و پەلامارەکانی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی، بۆ سەر رژێمی شاهەنشاهیی ئێرانیی و باسکردنی وەزعی نالەباری گەلی کورد لە ئێران، دەبووە هەژاندنی هەستی نەتەوایەتیی لە کوردستانی ئێرانداو سڵەماندنەوەی دەسەڵاتدارانی تاران. چونکە کێشەی کورد کە لە ئێراندا مێژوو وریشەیەکی قوڵیی هەیە، بەهەژاندنی هەستی نەتەوایەتی ئەگەری تێکۆشان و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران هەموار دەبێت،[٦] مەسەلەیەکی وا کە ڕژێمی شاهەنشاهیی بە پارچەکردنی خاکی ئێرانی دەزانی. چونکە مەسەلەکە هەر بە کوردستان نەدەبڕاوە،بەڵکو بەرەو ئازەربایجانی دراوسێش دەپەڕییەوە کە زۆر نەبوو لە هەڕەشەی جیابوونەوە رزگاری ببوو. بەو جۆرە مەسەلەکە تەشەنەی دەکرد بەرەو عەرەبستان و بلوجستان و هەرێمەکانی نەتەوە لە قاڵبدراوەکانی تری ئێران دەڕۆیی. حاڵەتێکی وا، ئەو ئیمپراتۆرییەی هەڵدەوەشاند کە ڕەزاشا بە زەبری ئاگرو ئاسن و دوای سەرپێدانەواندنی نەتەوە نەفارسەکانی دەوروبەر بۆ بۆرجوای شۆڤێنیستی فارس لە ناوەندو تارانی پایتەختدا دایتاشیبوو. ئەوەش بەلای ڕژێمی شاهەنشاهیی و چینی دەسەڵاتداری فەرمانڕەوای ئێرانییەوە، وەك زەنگی مەرگ دەهاتە پێش چاو.

پژمان، سەبارەت بە سەردانی مەلا مستەفا بارزانی، بۆ مەڵبەندە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق و کاریگەرییان لەسەر هەژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێران نووسیویە: ((گەڕانەوەی مەلا

---

[٥] روح الله رمضانی ، سیاسة ایران الخارجیة (١٩٤١-١٩٧٣). دراسة فی السیاسة الخارجیة للدول السائرة نحو التحدیث ، ترجمة :علی حسین الفیاض وعبدالمجید حمید جودی ، منشورات مرکز دراسات الخلیج العربی ، شعبة الدراسات الفارسیة ، ٩٨٤.، ص٣٠٢.

[6] ( قانع ) ی شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ، لە پارچە شیعرێکیدا هانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات کە وەك برا کوردەکانیان لە گەرمێن بۆ ئازادیی و مافی نەتەوایەتیی و خەباتی دژی ئیستیعماری تێبکۆشن . ئەو دەڵێت :

برای خۆشەویست هاوزمانەکەم　　　هاوخوێن هاوڕەگەز هاوپەیمانەکەم
من و تۆ وەك یەك هەر بەش خوراو بوین　　　یەك لە یەك بەدتر کزوداماو بوین
هەردوو کوژراوی دەستی زۆردار بوین　　　هەردوو گیرۆدەی فەلاقەو دار بوین...
ئەوجا خۆ ئێوەش شەریکی شادین　　　مژدەتان لێ بێ روو لە ئازادین
چون ئێمە و ئێوە کوڕی یەك خاکین　　　کوڕی یەك باب و کوڕی یەك داکین
کام دەریای گەورە ئێوەی بەرداوە　　　یا کام بێگانە لە بەینا ماوە...
ئێمە چیمان کرد ئێوەش هەر وا کەن　　　ئێوەش وەك ئێمە بە مراد دەگەن
ئەوسا دەس لە دەس دەم لە ناودەم بین　　　دڵ بێ ترس و خوێن ، دەرون بێخەم بین
بچینە چیا هاوارکەین یەك دەنگ　　　بژی ئاشتی روخێنەری جەنگ
بژی شۆڕشگێڕ ڕۆڵەی ئازادی　　　بمرێ ئیستیعمار بە نامرادی

بڕوانە : خەبات .ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، ژمارە ٣٥ ،٢٠ ئابی ١٩٥٩.

مستەفا بۆ عێراق و چوونی ئەو بۆ مەڵبەندی جیاجیای کوردستانی عێراق شوێنێکی زۆری کردە سەر بیروباوەڕی کوردەکانی ئێران.))[٧]

حیسامیش، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت ((پاش شۆڕشی عێراق خەڵك لە چایخانەکان رادیۆیی بەغدادیان دەکردەوە، دەنگ و باسی بەشی کوردی پێشوازی گەرمی لێدەکرا، مەعمورەکانی ساواك و ڕوکنی٢{ئیستیخباراتی سەربازیی/کۆڵەر} وەك سەگی هار بەنێو شار وەردەبوون و ڕادیۆکانیان بێ دەنگ دەکردو بیانویان بەخەڵك دەگرت، ئەو ڕۆژەی مامۆستا برایم ئەحمەد لە ڕادیۆی بەغدا قسەی کرد نێو شاری مەهاباد وەك خۆپیشاندانی لێ هاتبوو))،[٨] هەروەها سەعید کاوە بەمجۆرە باس لە کاریگەریی بوژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لەسەر بوژاندنەوەی تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێراندا دەکات: ((حیزبی دیموکرات ژیانێکی نوێی دەستپێکردبوو، خەڵك پتر بەرەو حیزب رادەکشان و گەرم گوڕتر لە جاران خەریکی کارو تێکۆشان بوون، سازمانی ئەمنییەت و اطلاعاتیش لە کوردستان لەپێشوو هەڵسوڕتر بوون، دەکرێ بڵێین هەست بە هاتووچۆی جاسوس و سیخوڕو ڕایەڵەی مەئمورەکانی دەوڵەتی دەکرا... سەردەمێکی سەیر بوو، دنیای غەرب ترسی لێ نیشتبوو، پێیان وابوو سبەو دوویەکی کۆمۆنیست باڵ

[٧] عیسی پژمان ، نهێنیەکانی پەیمانی ١٩٧٥ ی ئەلجەزائیر ، وەرگێڕانی : ناسری ئیبراهیمی ، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ ، سوید ، ١٩٩٧، ل٣٨.

[٨] – کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی دووەم ، سوید ، ١٩٨٧ . ل٣٨.



بەسەر هەموو دنیادا دەکێشێ‌و شۆڕشیان بەسەردا دەکرێ‌و بەهیچ شتێك ڕاناگەن.)) [٩]

## مەترسییەکانی رژێمی شاهەنشاهیی ئێرانیی لەهەمبەر شۆڕشەکەی عێراق‌و دژکردەوەکانی

شایەنی باسە، دەزگا جاسوسییەکانی رژێمی شاهەنشاهیی کە بە وردیی چاودێریی بارودۆخەکەی کوردستانی عێراق‌و چالاکیی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەیان دەکرد. بەردەوام ڕاپۆرتی تایبەتیان سەبارەت بە پەرەسەندنی نفوزی کۆمۆنیزم‌و کاریگەریی جوڵانەوەی کوردی عێراق لەسەر کوردەکانی ئێران دەگەیاندە لێپرسراوانی حکومەتی ئێران. بۆنموونە لەبەرواری ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا، لە لوبنانەوە ڕاپۆرتێك گەیشتۆتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ساواك و تیایدا هاتووە ((سەرهەنگی خانەنشین (ج. ب ئەستیدبیکەر) کە ماڵی وی لە بەریتانیایەو ئەندامی یانەی هێزی دەریاییە ( Army Navy Club) و لە واقیعدا ئەندامێکی ئەنتەڵجێنس سێرڤایسە ( Intelligence Service{ دەزگایەکی جاسوسیی بەریتانیایە – کۆڵەر}دەڵێت کە بەم زوانە کۆمۆنیستەکان چالاکییەکی توند لە ئێراندا ئەنجامدەدەن، ئەو

[٩] – سەعید کاوە ، ئاوڕێك لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، چاپی یەکەم ، ب.ش ، ١٩٩٦ ، ل٣٠.

چالاکییەش لەلایەن قاسمەوەو بە بەکارهێنانی کوردەکان دەستپێدەکات.))[١٠]

لەڕاپۆرتێکی تریشدا کە لەلایەن فەرماندەی هێزە زەمینییەکانی ئێرانییەوە بۆ ساواك نێردراوە، نوسراوە ((١-بارزانییەکان کە لە ڕوسیاوە بۆ عێراق گەڕاونەتەوە هەر لە سیدەکانەوە تا برادۆست بەشێوەی چەکدار بڵاوبوونەتەوەو هەوڵێکی زۆر دەدەن تا پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی (سەردەشت- مەهاباد) ببەستن.

٢-جوانڕۆییەکانی نیشتەجێی عێراق لەلایەن ئەفسەرانی شورەوییەوە بەهێز دەکرێن و هاندەدرێن تا پەلاماری پۆستە سەربازییەکانی نەوسوودو پاوە بدەن.))[١١]

لە لایەکی ترەوە، باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئێران پاش شۆڕشەکەی عێراق وتی :" ئەمەریکاو ئێران مەسڵەحەتیان لەوەدایە هەر جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران رووبدا سەری پان بکەنەوە. "[١٢]

هەروەها لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٥٩دا، ڕاپۆرتێکی روکنی ٢ی ئیتلاعات سەبارەت بەو کوردانەی دوای ڕووخاندنی کۆماری میللی کوردستان ئاوارەی شورەویی بوون، دەڵێت ((بەپێی ئەو هەواڵانەی بەدەستمان

---

[١٠] چپ در ایران . بەروایت اسناد ساواك . حزب دموکرات کردستان ، جلد أول ، مرکز بررسی اسناد تأریخی ، چاپ أول ، تهران ، ١٣٧٨ : شمارە گزارش: ٥٣٠١/ ٦ الف٢، موضوع: فعالیت کمونیستها، تأریخ: ٣٧/٨/٢٠، ص٢٥.

[١١] هەمان سەرچاوە، شمارە گزارش: ٨٠٧٥/١٩٤٤٥، موضوع: رابطە بارزانیها باکراد سردشت و مهاباد، تأریخ: ٣٨/٢١٤، ص٢٨.

١٢ ئازادی ، ژمارە ٢، ٣ ئایاری ١٩٥٩ .



گەیشتوون کەسانێك کە لە ساڵانی ٤٥ و ٤٦دا لەلایەن قازی محەمەدەوە بۆ فێربوونی کاری هونەریی‌و کۆمۆنیستیی نێردرابوونە دەوڵەتی شورەویی تا ئێستا بۆ ئێران نەگەڕاونەتەوە، دوای کودەتاکەی عێراق هاتوونەتە ئەو وڵاتەو زۆربەیان کاری جیاجیایان پێ سپێردراوەو هەندێکیشیان لەبەشی ڕاگەیاندنی کوردیی خەریکی کارو چالاکین، ئەوانە بەردەوام سەردانی ناوچەی مەهابادو ڕەزائیە دەکەن و لەناو عەشیرەتی شکاکدا تەراتێنیانە، ئەو نامانەی کە لەلایەن کەسانی ئاماژە بۆکراوەوە دەگاتە دەستی خزم‌و کەس‌و کارەکانیان لە کوردستانی ئێران ڕاستیی ئەم هەواڵە دەسەلمێنن.))[١٣]

شای ئێران، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (عەباس ئارام)ی باڵوێزی نوێی ئێرانیی لە بەغدا، وتی: ((هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارو جاروباریش بە تەشەر لە ڕادیۆی بەغداوە هێرشمان دەکەنە سەر، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نە تەنیا هێرش بەڵکو سوکایەتیشمان پێ دەکات، کارێکی وا کە هەرگیز پێمان قبوڵ ناکرێ.))[١٤]

لەڕاستیدا، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزو هاتنە سەرکاری حکومەتی قاسم بەرەو تێکچوون‌و ئاڵۆزبوون دەڕۆیشت، هەربۆیە ڕژێمی شاهەنشاهیی بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە نوێیانەی لەئەنجامی شۆڕشی عێراقەوە

---

[١٣] چپ در ایران ، شمارە گزارش: ١٢٦٣٤، موضوع، اخبار رسیدە بە نیروی زمینی، تأریخ: ٣٨/٧/٤، ص٢٩.

[١٤] پژمان، نهێنیەکانی پەیمانی...، ل٢٣.

هاتبوونە سەر ڕێی وەك ئەركێك كە لەلایەن ڕۆژئاواوە پێی سپێردرابوو سەبارەت بە دژایەتییكردنی حكومەتە ڕادیكاڵەكەی قاسم، هەستا بە ئەنجامدانی چەند دژەكردەوەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی ئێران.

لەسەر ئاستی دەرەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی هەستا بە مۆركردنی ڕێكەوتننامەی ٥ ئازاری ١٩٥٩ لەگەڵ ئەمەریكا، كە تیایدا ئەمەریكا جگە لە بەخشینی هاوكاریی سەربازیی و ئابووریی، ئەركی بەگژاچوونەوەی چەكداریی هەر هێزێكی خستە سەرشان كە ئاسایشی ئێران بشێوێنێ.[15]

لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێرانیش، محەمەدڕەزا شا لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ بەئاشكرا ڕایگەیاند كە ڕێكەوتننامەی سنوریی ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ عێراق لەلایەن ئێرانەوە بە نەبوو لەقەڵەم دەدرێت. دوابەدوای ئەوە هێرشێكی سیاسیی و دبلۆماسیی دژ بە عێراق دەستپێكردو هێزەكانی خۆی لە سنوری ئێران – عێراق كۆكردەوە، بەتایبەت لەڕۆخی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری شەتولعەرەب و خستنیە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، كارێكی وا كە زۆری نەمابوو شەڕێكی هەرێمی لێ بكەوێتەوە.[16]

---

[15] رمضاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢-٣٠٣.

[16] الجميل، سيار، الخلافات الحدوية والأقليمية بين العرب والأيرانيين، في: العلاقات العربية ـ الأيرانية. الاتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٦، ص٤٧٠.



لەلایەكی ترەوە، ڕژێمی شاهەنشاهیی بەردەوام لەهەوڵدابوو بۆ تێكدانی پەیوەندییەكانی نێوان كوردو حكومەتی قاسم لە عێراق. ئەویش لەڕێگای دنەدان و لەخۆگرتنی ئەو كوردانەی لایەنگری ڕژێمی پاشایەتیی هاشمیی بوون و لەلایەن ڕژێمی نوێوە زیانیان پێكەوتبوو. یاخود ئەو سەرۆك عەشیرەت و موڵكدارو شێخانەی كە لە هەنگاوە ڕادیكاڵەكانی قاسم، بەتایبەت یاسای ریفۆرمی زەوی ژمارە(٣٠) كە لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٥٨دا چووە بواری جێبەجێكردنەوە،بێزاربوون و دەسڵەمینەوەو خوازیاری ئاستەنگ دروستكردن بوون لەبەردەم ئەو هەنگاوەی حكومەتەكەی قاسمدا. لەم ڕووەوە دەتوانرێت پەیوەندییكردنی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران بە خزمەكانی (سەعید قەزاز)ی وەزیری حكومەتی پاشایەتیی لەسێدارەدراو،[17] هەروەها پەیوەندییگرتن لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیدو شێخ عەبدولكەریمی كەسنەزان، لەگەڵ داڵدەدانی شێخەكانی تەوێڵەو بیارە لە ئێران،[18] تێكڕا بە هەوڵی تێكدانی پەیوەندییەكانی كوردو حكومەتی قاسم لەقەڵەم بدرێت. ئەو پەیوەندییانەی كە لە ساڵانی یەكەمی شۆڕشدا بەجۆرێكی وا پتەوبوو سەراسەری مێژووی دەوڵەتی عێراق پێشتر شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو.

---

[17] مجيد، كمال، النفط والأكراد. دراسة العلاقات العراقية ـ الأيرانية ـ الكويتية، الطبعة الأولى، لندن، ١٩٩٧، ص٤٤-٤٦.

[18] بڕوانە:

چپ در ايران، شماره گزارش: ٣٨٤٩/ الف، موضوع: شيخ لطيف حفيد زاده و شيخ عبدالكريم كربچنه، تأريخ: ٤٠/٤/٢٧.

غەفوری میرزا کەریم لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویە ((لەبیرم دێ کە شای ئێران ویستی کەڵك لە کەسایەتی شێخ لەتیف وەرگرێت، بۆیە نوێنەری خۆی نارده سەر سنوری پێنجوێن بۆ بینینی شێخ لەتیف تا هانی بدات بۆ هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی کورد دژ بە دەسەڵاتی جمهوریەت لە عێراق لەساڵی ١٩٥٩، ئەوەبوو تفەنگێکی تایبەتی بەدیاری پێشەکش بە شێخ لەتیف کرد))[١٩]

لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی تاران بەمەبەستی ئابلۆقەدانی هەر چالاکییەکی نەتەوایەتیی و ڕێگرتن لە هەر بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی لە کوردستاندا، جگە لەلایەنی پرۆپاگەندەیی هەستان بە میللیتاریزەکردنی کوردستانی ئێران و پێگەی سەربازیی ناوچە سنورییەکانی بە سەربازو تەقەمەنیی پڕکرد. لەوەش زیاتر ژمارەیەك سەربازخانەی نوێ و قایمی لەشارە سنوورییەکانی وەك خانێ و جڵدیان بنیاتنا.[٢٠] ئەو سەربازخانانەی کە لەلایەن ئەفسەرانی ئەمەریکاییەوە سەرپەرشتیی و چاودێریی دروستکردنیان دەکرا. هەروەها لەساڵی ١٩٥٨دا، دەزگای ساواك لە کوردستان بنکەو پێگەی داکوتاو تەنانەت لقی خۆی لە شارە سنورییەکانی وەك سەردەشتیش کردەوە.[٢١] تا بەباشی بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ لە هەردوو پارچەی کوردستانی ئێران و

---

[١٩] غەفوری میرزا کەریم ، سەرەتاڵێ لە کلاّفەی مێژووی پڕ هەڵبەز ودابەزی ژیانم . چاپی یەکەم ، سلێمانی ،١٩٩٨، ل٩٤.

[٢٠] حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ل٣٩.

[٢١] پژمان، نهێنیەکانی پەیمانی..، ل٦٧.



عێراق هەڵسوڕێت و گورزی خۆی لە دوژمنانی رژێمی شاهەنشاهیی بوەشێنێت.

## دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینیی و مەدەنی کوردستان

لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجەکەی باشووری کوردستان بە گشتیی و لە ئەنجامی سەپاندنی سیاسەتی ناسیونالیستیی فارسگەرایی تەنگەتیلەو فشارو توندوتیژیی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی دژی گەلی کورد لە ئێران ، ژمارەیەك لە قوتابیانی کورد لە شاری سنە، بیرۆکەی دامەزراندنی رێکخراوێکی پیشەیی مەدەنییان بەناوی ( یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان ) هێنایە گۆڕێ کە تا ئێستا لە هیچ وتار و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی مێژووییدا ناوی نەهاتووە و باسی لێوە نەکراوە.

یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان بیرۆکەی رێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ بوو ، لە پێناوی بە کوردییکردنی نووسین و خوێندن ، کردنەوەی خوێندنگای کوردیی، زیندووکردنەوەی مێژووی کوردو هاندانی بڵاوکردنەوەی پەرتوك و بڵاوکراوە کوردییەکان، چاککردنی ژیان و گوزەرانی قوتابیان و کردنەوەی خوێندنگای ئاینیی کە حکومەت خەرجییەکەی بگرێتە ئەستۆ و قوتابیە دەرچووەکانیشی بڕوانامەیان پێبدرێت و لە لایەن حکومەتەوە بە فەرمیی دان بە

بڕوانامەکانیاندا بنرێت و وەك دەرچووی خوێندنگا مەدەنییەکان دابمەزرێنرێن.[22]

لەراستییدا، بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان، دووهەمین هەوڵە[23] بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی پیشەیی

---

[22] شایەنی باسە لە شاری کەرکوکی باشووری کوردستان و لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیی هاشمیی واتە پێش شۆڕشی ١٤ ی تەموز، ژمارەیەك لە فەقێ و قوتابیانی ئاینیی کورد کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنابوو و داوایان لە لێپرسراوانی حکومەتی عێراق کردبوو بڕوانامەی فەرمییان بدرێتێ و زانستگایان بۆ بکرێتەوە و کارئاسانی بۆ وەرگرتنیان بکرێت . حکومەتی عێراق لە جیاتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان ، داوای لە پۆلیسی کەرکوك کردبوو فەقێکان پەرتەوازە بکات. هەربۆیە ژمارەیەکیان بە تۆمەتی شیوعێتی لێگرتن و چاودێرییان خستە سەر ژمارەیەکی دی و هێندێکی دیکەشیان بەملا و بەولادا پەرتەوازە کردن . دیارە ئەم هەوڵە لە کەرکوك پێش هەوڵەکەی قوتابیانی سنەیە و ئەوانەی دوایی هیچ ئاگایەکیان لەم رووداوە نەبووە . بڕوانە:

ژین ، ساڵی ٣٤ ، ژمارە ١٤٤٤ ، ١٩٥٩/٥/١١ .

[23] هەر لەدەورانی جەمهوریەتی میللی کوردستاندا بوو کە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران کەوتنە خۆو لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دا رێکخراوێکیان بە ناوی (اتحاد دانشجویان کرد در دانشگاه تهران / یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران) دامەزراند . ناسری موحسینی کە ئەندامێکی چالاکی ئەو یەکێتییە بوو ، لەووتارێکدا نووسیوویە (( ئێمەش وەك خوێنکارانی کوردی زانکۆی تاران شوێنی گرنگ و ئەرکی مەزنی خۆمانە لە ناو کۆمەڵدا هەست پێکردووە و دەزانین کوردستانی لانەی ئازیزمان چەنددەردەدار و ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زێتر پێویستی پێمانە، ئێمە بەتەواووی درکمان بەوە کردوە کەبەداخەوە فەرهەنگمان، باری تەندروستیمان، کشتوکاڵمان، سەنعەتمان.. بەکورتی هەموو شتێکمان خراپەو لەتەواوی شارەکانی تری ئێران دواکەوتووترە.. هەر بۆیە تا ئەو



خوێندکارانەی سەربەخۆ کە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندیی ئەو توێژەی کۆمەڵگای کوردی تێبکۆشێت . ئەوەی کە ئەم رێکخراوە لەوی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە ، کە هەوڵی داوە یەکێتییەك لە نێوان قوتابیاندا پێکبهێنێت بە هەردوو دەستەکەیەوە ، واتە فەقێیکانی مزگەوت و مەدرەسەی ئاینی ، دەگەڵ قوتابیانی قوتابخانە فەرمییە هاوچەرخەکان ، ئەو دوو دەستەیەی کە ناکۆکییەکی کەڵتووریی لە نێوانیاندا بوو، دەستەی یەکەم دووەمی بە ( بێدین) و دووەمیش یەکەمی بە ( دواکەوتوو ) دادەنا.

دامەزرێنەرانی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان بریتیبوون لە سەید عوبەیدوڵای حوسەینی ، مەلا محیالدین کێلانەیی ،سەید جەمیلی مەردۆخیی ،مەلا محمود سەجادی ، مەلا صالح خوسرەوی ،ئەسعەد سیراجەدینی، مەلا ساڵح هارونی، سەید مەحموود سنجەری، شێخ ئەحمەدی فەزڵی، مەلا ساڵح مەجدی، شێخ تاهیر، شێخ

---

شوێنەی هەل و مەرج و شوێن رێگەمان پێبدات، بگرە زیاتر لەوەش خەبات دەکەین بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ودژی وێرانکاری و خراپی بارودۆخی وڵاتەکەمان رادەوەستین.. ئێمە لاوانێکی تێکۆشەرو خاوەن هەست کەپێشتر بەشێوەی جیا جیاو تاك چالاکیمان دەنواند، واقۆڵمان لیٚ هەڵماڵیووە یەکێتی خوێندکارانی کوردمان دامەزراندووە هەوڵ دەدەین هاوکاری و یارمەتی خوێندکارانی کورد بکەین و هانیان بدەین بۆ پلەکانی خوێندنی باڵا بخوێنن، جگە لەوە تێدەکۆشین بۆ رۆشنکردنەوەی بیری خەڵکی و بەدیهێنانی ریفۆرمێکی گشتیی .بڕوانە:

هەفتە نامە کوهستان، نامەهفتگی ، سال اول، تهران ٤ تیر ١٣٢٥ .

**سـەعید، شـێخ سـەدیق مـەردۆخی، مـەلا ئەحمـەد ئەسـکۆڵی، شـێخ عوسمان مەردۆخی، مەلا ئەمین نوێنی، ئەسعەد مودەریسی ،فاتح شیخ الاسلامی ( چاوە ).ئەوانە سێکەسی یەکەمیان فەقێبوون لە مزگەوتی ( عەبدوڵابەگ ) لە گەڕەکی سەرتەپۆڵەی شاری سنە و مەلا صالح و مەلا مەحمودیش فەقێی مزگەوتی ( ئاغا زەمان )ی گەڕەکی جولەکانی شاری سنە بوون.دووانەکەی دوایشیان واتە ئەسعەد و فاتح خوێنکاری مەدەنی بوون لە خوێندنگای فەرمی هاوچەرخ . شایەنی باسە ئەم رێکخراوە نەگەییە ئەوەی بەرنامە و پەیڕەوێك بۆ خۆی دابنێت و کۆنگرەی بۆ ببەستێت و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دابەش بکات، چونکە هەر زوو لە لایەن دەزگا ئەمنییەتەکانی رژێمی شاهەنشاهییەوە ئاشکرا کرا و پەلامار درا و کۆتایی بە تەمەنی هێنرا.**

**سەبارەت بەم رێکخراوە چاومان بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی کەوت کە (جەمیل مەردۆخیی) یە .ناوبراو روونی کردەوە و گوتی :"چەند هاوڕێیەك بووین ، پاش شۆڕشی گەلاوێژ/تەموزی ١٩٥٨ی عێراق و بەهۆی کارتێکردنی رووداوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ، بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان لە مێشکماندا گەڵاڵە بوو کە رێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ بێت و سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسیی نەبێت .ئەوسا بەرقی سنە زۆر لاواز بوو رادیۆی هەڵنەدەساند ، ناچار چەند تمەنێکم کۆکردبۆوە دامە تەقویەو لە رێگای رادیۆی بەغداوە تەواوی هەواڵەکانی عێراق و کوردستان دەگەشتە ئێمەی لاو و لە ناخەوە دەیهەژاندین ...ئێمە لە خەزەڵوەڕی ئەو ساڵەدا ، چەند رۆژێك بەر لە رۆژی ( رێژە ) کە لەشکری شاهەنشاهی لە سنە ئاهەنگیان پێوەدەگێڕا {واتە ناوەڕاستی تشرینی**



**یەکەمی ١٩٥٨– کۆڵەر} بڕیارمان لە دامەزراندنی یەکێتییەکەمان دا . کارەکانمان نهێنی بوون ، هێشتا پەیڕەو و هیچ بڵاوکراوەو شتێکی نووسراومان نەبوو ، داوای خوێندن بە زمانی کوردیی و مافەکانی قوتابیانمان دەکرد . من و چەند هاوڕێیەکم ئەوسا لە مزگەوتی ( عبدوڵا بەگ ) فەقێ بووین ، توانیبوومان سوود لەو کتێب و گۆڤارانە بکەین کە لە باشووری کوردستانەوە دەگەیشتنە دەستمان ، وەك کتێبەکەی عەلادین سەجادی ( کاروانێك بۆ دهۆك ) ، یاخود گۆڤاری کشتوکاڵ کە لە کەرکوك دەردەچوو ، خۆمان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردیی بکەین .**

**دیارە ئێمە زۆربەمان لە نێو شاری سنە دەژیاین ، چەند دۆست و هاوڕێشمان لێرەو لەوێ، لە مەریوان و لە بانە هەبوون، جگەلە مەلا شێخ عوسمانی مەردۆخ کە ئەندامی یەکێتییەکە بوو ، هەروەها کاك مەلا سەید ئەحمەدی ئەسکۆڵی کە دۆستمان بوو، هەردووکیان لەمزگەوتەکەی شارۆکەی ( ئەوێ هەنگ ) ی سەر بەسنە فەقێ بوون ، ئەندامێکیشمان کە مەلا شێخ ئەحمەدی فەزڵی بوو ، لە باشووری کوردستان ، لە مزگەوتەکەی گوندی ( تەپی سەفای ژوورو ) ی ناچەی شارەزوور لای شێخ عەزیزی پارەزانی دەیخوێند و وەك نوێنەری ئێمە پەیوەندیی بە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە هەبوو، کە رێکخراوێکی قوتابیانی سەر بە پارتی بوو".[٢٤]**

**هەروەها سەبارەت بە کار و هەڵسوڕانی ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان ( جەمیل مەردۆخی ) گوتی :" ئێمە لەسەر**

[24] **چاوپێکەوتن لە گەڵ جەمیل مەردۆخیی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧/٧/١٥ .**

ئـەوە ڕێکـەوتبووین گـەر بوارمـان بـدرێت بـە شـێوەیەکی مـەدەنی هەڵسوڕێین . بەڵام چەند ئەندامێکی لاوی خوێنگەرمی یەکێتییەکە کە فاتح شێخ الاسلام و ئەسعەد مودەریسی بوون، سەربەخۆ کەوتبوونە دروشم نووسین دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی . دروشمەکان بە شەو و بە نهێنیی ، بە زمانی کوردیی دەنووسران . بۆنموونە دروشمی ( بژی کورد و کوردستان ) ، ( بژی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی ) ، ( بڕوخێ ئیستیعمار )، ( بڕوخێ ڕژێمی شاهەنشاهیی ) ..هتد ، شایەنی باسە، ئەو دوولاوە بەشێوەیەك کەوتبوونە ڕەشکردنەوەی دیوارەکان کە هەر لە خوێندنگاکەی خۆیانەوە دەستیان پێکردبوو تا نووسین لەسەر دیواری دوخانیات و پەیکەری محەمەدرەزا شا . ئەو مەسەلەیەی خەڵکی بە شێوەیەکی سەیر خستبووە مقۆمقۆو دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕژێمیشیان وریاکردەوە . ئەوەبوو پۆلیسی ئێرانیی لە نیوەشەو و کاتێکدا ئەسعەد و فاتح دیواریان دەنووسی توانیبوویان فاتح بگرن و ئەسعەدیش هەڵاتبوو هاتە لای من و ڕۆژی دواتر لەلایەن کەس‌وکارییەوە تەسلیم بە پۆلیس کرابوو .ئەو ڕووداوە سەرەتای ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەمان بوو . چونکە ئەوان لە لێکۆڵینەوەدا دانیان بە ئەندام بوونیان لە یەکێتییەکە و ناوی ئێمەدا نابوو ، ئەوە بوو دەزگا ئەمنییەتەکانی ئێرانی لە شەوی ١٨/١٧ی ئابانی ١٣٣٧ی هەتاوی/١٩٥٩زاینی پەلاماری کادرانی یەکێتیان دا کەوتنە گرتن و نزیکەی ١٠٠ کەسێکیان بۆ لێکۆڵینەوە دەستبەسەر کرد. ئەو کاتە بەشێك لە برادەرەکانمان چووبوونە تاران بۆ بەشداریکردنی تاقیکردنەوەی گشتی( کۆنکۆرد ) بە مەبەستی وەرگرتن لە دانشکدەی



( مەعقول و مەنقول ) . من کە لە مزگەوتی ( عەبدڵابەگ ) مابوومەوە ، لە لایەن خوالێخۆشبوو ( شێخ معتصم حیسامی ) ەوە ئاگادار کرامەوە کە مزگەوتەکە بەجێبهێڵم چونکە پۆلیس دێنە سەرم . ئەوە بوو مزگەوتەکەم جێهێشت و چوومە ماڵی ناسیاوێك بەناوی ( ئیبراهیم زنانی ) . لەوێ دەوری ٧–٨ ڕۆژ مامەوە ، کاتێك زانیم پۆلیس چوونەتە مزگەوتەکە و ژوورەکەمیان پشکنیوە و کتێب و کەل‌وپەلەکانمیان تالان کردووە و لە ڕادیۆی سنەش بڵاویانکردبۆوە کە هەرکەس جەمیلی مەردۆخیی بە پۆلیسی ئێرانی بناسێنی ٣٠٠٠ تمەنی دەدرێتێ[٢٥] . ئیدی نەوەستام بە یەکجاری ئێرانم بە جێهێشت و ڕوومکردە باشووری کوردستان و هاتمە خورماڵ .لەوێ لەگەڵ مەلا محی الدین کێڵانەیی یەکمان گرتەوە لە مزگەوتەکەی خورماڵ ، لە لای ( مامۆستا مەلا محەمەد بەهادین ) باوکی سەلاحەدینی ئەمینداری

[25] کاك مەلا ئەحمەدی ئەسکۆڵی کە ئێستا مامۆستایە لە مزگەوتی ( شێخ حسەینی قازی ) ی شاری سلێمانی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی :" ئێمە لەگەڵ مەلا شێخ عوسمانی مەردۆخی لە لای مامۆستا مەلا حەیدەر لە شارۆکەی ( ئەوێ هەنگ ) خەریکی دەرس خوێندن بووین ، کاتێك برادەرانمان لە سنە تووشی گیران و پەلامار بوونەوە . بە ڕێکەوت کەسێك هاتبووە ئەوێ هەنگ ئەویش ناوی سەید جەمیل بوو . پیرەژنێك وای زانیبوو کە ئەوە سەید جەمیل مەردۆخی یەو بۆ وەرگرتنی پاداشت چووبوو پۆلیسی ئاگادار کردبۆوە ، کابرای بەرپرسی پۆلیس لەوێ ٣٠ تمەنی مژدانە دابووێ و بە پەلە هات و ئەو سەید جەمیلەیان گرت . پاشتر بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەوەی گرتوویانە سەیدجەمیل مەردۆخی نیە و تازە ٣٠ تمەنی پیرەژنەکەشی فەوتا" .

چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا سەید ئەحمەد ئەسکۆڵی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧/٧/٣٠.

ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی، بۆ ماوەیەك حەواینەوە . پاش کەمێك مەلا محیالدین کەڵکەڵەی گەڕانەوەی کەوتە سەر و بە تەنیا گەڕایەوە ئێران ، زۆری نەخایاند پۆلیسی ئێرانی لەشاری کرماشان ئەو و هاوڕێیەکیان بەناوی مەلا حەکیمی جوانڕۆیی قۆڵبەست کردبوو. بەکورتی چارەنووسی ئەم هەوڵەکەمان وا کۆتایی هات، هەر بۆ زانیارییت ساڵی ١٩٥٩ لەلای خەڵکی سنە بە (ساڵی فەقێکان) ناودەبرێت. " [26]

## دەنگدانەوەی پەلامارەکەی ساواك لەلای کوردانی عێراق

شایەنی باسە، پەلامارەکەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی شاهەنشاهیی بۆسەر ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان و دواتر گرتنی مەلامحیالدین و مەلاحەکیمی جوانڕۆیی کە دوو ئەندامی ئەو یەکێتییە بوون، لە لایەن قوتابیان ونەتەوەپەروەرانی کوردەوە لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە ئەوروپاش ، بە توندیی پرۆتێستۆ کراوەو لە رۆژنامەکان و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بێزێنراوە .ئەوەش گرنگیی ئەو هاوهەڵوێستیی و هاوبەستەگییە نەتەوەییەی کوردمان پێشاندەدات کە بەهۆی ئەو رۆژنامانەوە لەو قۆناغەدا هاتبووەکایە، مەسەلەیەکی وا کە لە پرۆسەی گەشەکردنی نەتەوایەتیی کوردیی و دروستبوونی رای گشتیی لەمەڕ کێشە

[26] چاوپێکەوتن لە گەڵ جەمیل مەردۆخیی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧/٧/١٥



نەتەوەییەکان جێگای بایەخە. هەربۆیە بڵاوکردنەوەی دەقی هێندێکیان بە گرنگ دەزانین.

"**کۆمەڵەی قوتابی یە کوردەکان لە ئەوروپا**" کە ( سەلاحەدین محەمەد سەعدەللە ) هەڵسوڕێنەری بەڕێوەبەرایەتیی بوو ، لە رێگای سەفارەتی ئێرانەوە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، بیرخەرەوەیەکیان سەبارەت بە سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی و فشار خستنە سەر قوتابیانی کورد لە ئێران داوەتە شاهەنشاهی ئێران ، کە لە بەرواری ١٩٥٩/٥/٤ دا لە رۆژنامەی ( Observer ) ی بەریتانییدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە . لە بیرخەرەوەکەدا هاتووە:" کۆمەڵەی قوتابی یە کوردەکان لە ئەوروپا سەردانتان لە لەندەن بە هەل دەزانێت بۆ ئەوەی هۆشتان رابکێشێتە لای باری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وە بۆ ئەوەی هەستی لەو رووەوە دەربببڕێت . نزیکەی سێ ملیۆن کورد لە ئێرانا هەن بێ بەشن لە سووکترین ماڤ نەتەوایەتی ، حکومەتی فارس رێی کردنەوەی هەموو قوتابخانەیەکی گرتوە ، نایەڵێت بە زبانی کوردی هیچ کتێب و رۆژنامە و گۆڤارێك بڵاوبکرێتەوە . قەدەغەی کردوە زمانی کوردی بە رەسمی بەکاربهێنرێت .بەم جۆرە سیاسەتی عونسوڕی لەگەڵ گەلی کوردا بەکار ئەهێنێ ، ئەو سیاسەتەی بە ئاشکرا پێچەوانەی پەیامی نەتەوە یەکگرتوەکان و لایەحەی ماڤ مرۆڤە "[27]

هەروەها لە رۆژنامەی ( **ئازادی** ) دا لە ژێر سەردێڕی ( بێزاری ی لە گرتنی قوتابیە کوردەکان لە ئێران ) داهاتووە:" چەند نامە و تەلگرافێکمان بۆ هاتوە خاوەنەکانیان بێزاری خۆیان دەرئەبڕن لە

[27] بۆ دەقە کوردییەکەی بڕوانە :خەبات ، ژمارە ٩ ، ٢٩ ئایاری ١٩٥٩

گرتنی مەلا حەکیمی جوانڕۆیی و مەلا محی الدین سنەیی کە دوو قوتابی ئاینین لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە و داوای ئازادکردنیان دەکەن لە بەندیخانەی کرماشان." [٢٨]

هـەروەها لـە رۆژنامـەی ( خـەبات ) دا بانگـەوازێکی یـەکێتی ئاینی و مـەدەنی کوردسـتان لـە ژێـر سـەردێڕی (خـەباتی کوردسـتان ) دا بڵاوبۆتـەوە و رۆژنامـەی خـەباتیش وەڵامـی خـۆی لـە مـەڕ داوەتـەوە کە ئەمـە دەقەکەیـەتی:" بانگێـك لـە لایـەن یەکیـەتی قوتابیـانی ئـایینی و مەدەنی سنە و مەریوانی کوردستانی بە زۆر بە ئێرانەوە بەستراوەوە:

"رۆژنامەی ( خەبات ) ی خۆشەویست–بەغدا

پاش سڵاوێکی پڕ گەرمو نەتەوایەتی لە خوا ئەخوازین رووناکیت بۆ نەتەوەکەمان هەر بەردەوام بێت . داوات لـێ ئەکـەین ئـەم داخوازییـەمان بە لاپـەڕەکانتا پیشانی هـەمو گـەلی عێراق بـە کورد و عـەرەب و هـەمو نەتەوەکانی تریەوە بدەیت.

برایانی عێراقی خۆشەویستی ئازاد بە گشتی وە برایـانی تەلەبـەی ئایینی و مەدەنی کوردستانی عێراق بە تایبـەتی سڵاوی دیلـی و دەس بەسـەری خۆمانتـان لـە کوردسـتانی (سـنە و مـەریوانی )ی بـە زۆر بـە ئێرانـەوە بەستراوەتان پـیش کـەش ئەکـەین لـەدەری بەندیخانـەکان و لـە نـاودا . داواتـان لـێ ئەکـەین نـاڕەزایی خۆتـان بەرامبـەر بـە حکومـەتی خائینی ئێران دەربڕن ، کە بۆچی لـە (٣٠) ی ئـەیلولی ١٩٥٨ ەوە هـەتا ئیستا رۆژ نیە بەندیخانەکان پڕ نەکا لە قوتابیە ئایینی و مەدەنیەکان

---

[٢٨] ئازادی ، رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی یە ،ساڵی ١ ، ژمارە ١٦ ، ٣٠ ئایاری ١٩٥٩ .




لاپەرە ٤

خەبـات

خەباتی کوردستان

بانگێك لە یەکیـەتی قوتابیاتی ئـایینیو مـەدەنی سنەو مەریوانی کوردستانی بەزور بە ئیران بـەسـراوەوە

روز نامەی (خەبات)ی خوشەویست – بەغدا

پاش سڵاوێکی پر گەرمو نەتەوایەتی لە خوا ئەخوازین رووناکیت بۆ نەتەوەکەمان هەر بەردەوام بێت . داوات لێ ئەکەین ئـەم داخوازیەمان بە لاپەرەکانتا پیشانی هەمو گەلی عێراق بە کوردو عەرەبو هەمو نەتەوەکانی تریەوە بدەیت .

برایانی تەلەبەی ئایینیو مەدەنی عێراقی خوشەویستی ئازاد بە گشتی وە برایانی تەلەبەی ئایینی و مەدەنی کوردستانی عـێراق بە تایبەتی سڵاوی دیلیو دەس بەسەری خومانتان لـە کوردستانی ( سنەو مەریوانی ) بەزور بە ئیران بەسراوەتان پیش کەش ئەکەین لەدەری بەندیخانەکان و لەناودا . داواتان لی ئەکەین نارەزایی خوتـان بەرامبەر بە حکومەتی خائینی ئیران دەربرن ، کە بوچی لە ( ٣٠ ) ئەیلولی ٩٥٨ ەوە هەتا ئیستا روز نیە بەندیخانەکـان پر نەکـا لە قوتابیە ئایینی و مەدەنیەکان ...

یەکیەتی قوتابیانی ئایینیو مەدەنی سنەو مەریوانی بە زور بە ئیرانەوە بەسراو .

خەبات : ...

خەبات

أعلان من وزارة الدفاع

تدعو وزارة الدفاع المناقصين الذين جددوا اشتراكهم في ... ولديهم شهادة ضريبة الدخل لهذا العام للاشتراك في المناقصة ... ( عينة / ١١٠ ) لتجهيز بدلات شغل كتيم بموجب الشروط ... الحصول عليها من مديرية العقود والمبايعات في وزارة الدفاع ...

تودع العطاءات في صندوق المناقصات في مديرية ... قبل الساعة الثانية عشر من يوم الاثنين الموافق ٣-١١-١٩٥٩ ... تشرين الثاني ١٩٥٩

وزارة البلـديات

مديرية البلديات العامة

اعـلان رقم ( ٣٦ )

١ – نعلن بهذا وجود مناقصة ( تبليط شوارع مدينة ... بموجب الشروط العامة والمواصفات التي يمكن الحصول عليها ... الحسابات في مديرية البلديات العامة ببغداد بعد دفع مبلغ ... ( ديناران ) عن كل نسخة او نسختين .

٢ – تبقى الاسعار المقدمة في العطاء ثابتة حتى يتم التبليط ...

٣ – على الراغبين من المناقصين تقديم عطاءاتهم الى مديرية ... العامة ببغداد داخل اغلفة مختومة موشر عليها عبارة « مناقصة ... السكوت » .

٤ – تقبل العطاءات حتى الساعة ١٢ من ظهر يوم ... ١٩٥٩-١٠-٢٤

وزيرة البلديات

نزيهة الدليمي

خەبات ١-٢

اعلان ٣٥٨

الحاقا باعلاننا المرقم ٣٤٦ الخاص بمناقصة تجهيز ... لقد تقرر تمديد موعد غلق المناقصة المذكورة اعلاه الى ... عشرة ظهرا من يوم الثلاثاء المصادف ٢٧-١٠-١٩٥٩ ...

١٩٥٩-٩-٢٧

خەبات ٢-٣

اعلان من وزارة الدفاع

تدعو وزارة الدفاع المناقصين الذين جددوا اشتراكهم ...

وه ئەوانەشمان لەدەرین موراقەبەمان لە سەر بێ وه هەروەها داواتان لێ ئەکەین ناڕەزایی دەربررن بەرانبەر بەو دوو قوتابیە ئایینی یانە ملا محی الدین سنەیی وه ملا حکیمی جوانڕۆیی کە مودەی سە ٣مانگە لە کرماشان لە بەندیخانەی پەهلەویدا بێ گوناح دیل کراون وه لە خوێندن کراوون . ئیتر ژیانێکی پڕ بەختیاری تان لە سایەی جەمهوریەتو کاك عەبدولکەریم قاسم دا داوایە .

یەکیەتی قوتابیانی ئایینی و مەدەنی سنە و مەریوانی کوردستانی بە زۆر بە ئێرانەوه بەستراو."

**خەبات:** لە کاتێك دا بەو پەڕی تورەیی و ناڕەزایی خۆمان لەو رەفتارە دڕندانەیەی داگیرکەرانی تارانێ دەرئەبڕین . وه بە دڵ پیشتیوانی خەبات رزگاری و نیشتمانی و دیموکراسی برا کوردە تێکۆشەرەکانی کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بە ئێرانەوه بەسراومان ئەکەین کە لە ژێر ئالای پارتی پێشڕەوی خۆیان . حزبی دیموکراتی کوردستان. درێژە دەدەن بە خەباتی سەختی شۆڕشگێڕانەی نەبەزانەیان لە پێناوی کورد و کوردستان و لە دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی لە سەرتاسەری ئێران . لەو کاتەدا داوا لە هەمو هاونیشتمانیەکی بەشەرەف ئەکەین ، دەنگی نارەزایی خۆی بەرزبکاتەوه ، بۆ هاری کاری کردن دەگەڵ براکانی ئەو دیو وه بەهۆی تەلەگوراف و نامە و عەریزەوه داوا لە حکومەتی ئێران بکەن کە هێرشی تۆقاندنی جانەوەری خۆی بوەستێنێت وه تێکۆشەرەکانمان لە بەندیخانەکان دەربهێندرێن ، تا بگەڕێنەوه ریزی گەلە تێکۆشەرەکەیان" [٢٩] .

[29] خەبات ، ژمارە٥٨ ، ١٨ئەیلولی ١٩٥٩



هەروەها لە رۆژنامەی **خەبات** دا و لە ژێر هەمان سەردێڕی پێشوو نامەیەك لە ئەندامێکی ئەو یەکێتییە بڵاوکراوەتەوه کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"راووروتی کاربەدەستانی تارانی بۆ خەبات هانمان ئەدات

نامەیەك لە یەکیەتی قوتابیانی ئایینی و مەدەنی کوردستانی ( سنە و ژاوەرۆ و مەریوان ) بە زۆر بە ئێرانەوه بەستراو پێشەکش بێ بە خەباتی خۆشەویست لە بەغدا .

ئاشکرایە کە کاربەدەستانی تاران نایانەوێ دەس هەڵگرن لە چەتەیی و دزی ، لەم بەهارەدا کە قازانی ( مەنجەڵی ) تورەیی گەلی ئێران بە گشتی وه گەلی کورد بە تایبەتی هاتبوە کوڵ وه کاربەدەستانی داگیرکەری خستبوە لەرزە ، لەم کاتەدا لەباتی دڵخۆش کردنی گەل بە کارگە و فابریقە و دانەوەی مافەکانی نەتەوایەتی ، کەوتنە جادەبردنەوه و خۆقایمکردن لە سنورەکانی کوردستان دا بە تایبەتی لە مەریوان و جوانڕۆ وه بۆ چاکردنەوەی ئەو رێگا و بانە پارەییك کە تەرخان کراوە دەدزرێت و دەخورێت ، وه لە جیاتی ئەو پارەیە هیندێ لەو دەغڵە دەدرێ بە خەڵك کە وەختێ حکومەت ناردبوی بۆ بەشینەوه بەسەر خەڵکی مەریوان و جوانڕۆدا . بە راستی کاربەدەستانی تاران هەموو رۆژێ ئەو راستیە ئیسپات دەکەنەوه کە "کاربەدەستانی ئێرانی بێ هاوتان لە دزی کردن و رووتاندنەوەی گەلەکەی ژێر دەستیان" .

لەگەڵ ئەو هەمو دزی و چەتەییەش رۆژ بە رۆژ تیرۆر و فشار هێنان لەسەر خەڵکی لە پەرەسەندنە . بەڵام خەڵکی ئێران بە گشتی وه گەلی کورد بە تایبەتی لەوەدا نەماوە لەو جۆرە شتانە بسڵەمێتەوه ، چ


لاپەڕە – ٢ –

ئازادی بۆ تیکۆشەرانی کوردستانی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو

■ لە ( ٢١ ) قوتابی کوردستانی عراق لە شەقلاوەوە ، نامەیەکمان بۆ هاتووە ، تیایا زۆر بەتوندی بێزاری خۆیان نیشان دەدەن لەسەر رەفتاری کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بەو ئەزیەتەی برا قوتابیەکانی کوردی ئێرانیان دەدرێت . وە نیشان ئەدەن کە لایەنگری خەباتی قوتابیانی کوردستانی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو ئەدەن ، وە داوا دەکەن کە دەست بەجێ مەلا محی الدین سنەیی و مەلا حەکیمی جوانرۆیی بەردرێن .

خەباتی کوردستان

راووڕوتی کاربەدەستانی تارانی بۆ خەبات هانمان ئەدات

نامەیەك لە یەکیەتی قوتابیانی ئایینی و مەدەنی کوردستانی ( سنەو ژاوەرۆ مەریوان ) بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو پێشکەش بێ بە خەباتی خۆشەویست لە بەغداد .

ئاشکرایە کاربەدەستانی تاران ئاپانەوی دەس هەلگرن لەچەتەیی و دزی . لەم بەهارەدا کە قازانی ( مەنجەلی ) تورەیی گەلی ئێران بەگشتی وە گەلی کورد بەتایبەتی هاتبوە قول وە کاربەدەستانی داگیرکەری خستبوە لەرزە ، لەم کاتەدا لەباتی دڵخۆش کردنی گەل بە کارگەو فابریقەو دانەوەی مافەکانی نەتەوایەتی ، کەوتنە جادەبردنەوە و خۆقایم کردن لەسنورەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لەمەریوان و جوانرۆ وە بۆ چاککردنی ئەو ریگاو بانانە پارەیێك کە تەرخان کراوە دەدزرێت و دەخورێت ، وە لەجیاتی ئەو پارەیە هێندێ لەو دەغلە دەدرێ بە خەڵك کە وەختی حکومەت ناردبوی بۆ بەشینەوە بەسەر خەڵکی مەریوان و جوانرۆدا . بەراستی کاربەدەستانی تارانی هەمو رۆژێ ئەو راستیە ئیسپات دەکەنەوە کە «کاربەدەستانی ئێرانی بێهاوتان لەدزی کردن و روتاندنەوەی گەلەکەی ژێر دەستیان » .

لەگەل ئەو هەمو دزیو چەتەییەش رۆژ بەرۆژ تیرورو فشارهێنان بۆ سەر خەڵکی لە پەرەسەندنە . بەلام خەڵکی ئێران بەگشتی وە گەلی کورد بەتایبەتی لەوەدا نەماوە لەو جورە شتانە بسلەمێتەوە ، چ جاری ئەوەی بفەوتی ، بەپێچەوانە ، فەوتان هەمو رۆژێ بانگ بەگوی ئەواندا ئەدا . خەڵکی ئێران خەریکی گورهەلکەندنن بۆ کاربەدەستانی زۆردارو نیشتمان‌فروشان .

یەکیەتیەکەمان لەژێر سەرکردەیی پارتیەکەی گەلماندا پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە هەمو هێزو توانای خۆیەوە . درێژە بەخەباتی سەختی شۆرشگێرانەی خۆی دەدا ، لەپێناوی میللەتە زۆرلێکراوەکەیدا ، وە بەڵێن ئەدا کە تا دوا هەناسەی ژیان کۆل نەدا لەخەبات . وە لەبۆ هێنانەدی رۆژێکی وەك رۆژی چواردەی تەموزی عیراقی .



جاری ئەوەی بفەوتێ . بە پێچەوانەوە ، فەوتان هەمو رۆژێ بانگ بە گوی ئەواندا ئەدا. خەڵکی ئێران خەریکی گۆڕهەڵکەندنن بۆ کاربەدەستانی زۆردار و نیشتمان فرۆشان.

یەکیەتیەکەمان لە ژێر سەرکردەیی پارتیەکەی گەلماندا پارتی دیموکراتی کوردستان [٣٠] ، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە ، درێژە بە خەباتی سەختی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەدا ، لە پێناوی میللەتە زۆرلێکراوەکەی دا ، وە بەڵێن دەدا کە تا دوا هەناسەی ژیان کۆڵ نەدا لە خەبات . وە لە بۆ هێنانەدی رۆژێکی وەك رۆژی چواردەی تەموزی عێراقی .

هەروەها کۆمەڵەکەمان بانگی هەمو قوتابیان ئەکات کە لە ژێر ئاڵایەکەی وەخڕ بن ، وە بە زووترین کات بێنە ریزی خەباتمان ، خەباتی گەلی کوردی پاڵەوان ،خەباتی شۆڕشگێڕانە و شێرانەمان.

ئیتر هەر بژی خەباتی میللەتی ئێران بە گشتی و خەباتی گەلی کوردی پاڵەوان و نەبەز بە تایبەتی .

یەکیەتی قوتابیانی ئایینی و مەدەنی کوردستانی ( سنە و ژاوەرۆ و مەریوان ) بە زۆر بە ئێرانەوە بەستراو " [٣١].

---

[30] شایەنی باسە لەو بڵاوکراوانەدا هەوڵدەدرێت جاروبار یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان وەك رێکخراوێکی پارتی دیموکرات یان حزبی دیموکرات لەقەڵەم بدرێت . بەڵام وەك جەمیل مەردۆخیی دەڵێت ، ئەوان تا ئەو دەمە ئەندامی هیچ رێکخراوێکی سیاسیی کورد نەبوون لە گەڵ ئەوەی کە بە دۆستیان زانیوون.

[31] خەبات ، ژمارە ٦٧، ٢٩ ئەیلولی ١٩٥٩.

لە راستییدا ، ئەم بانگەواز و نامانە قوتابیانی کوردی باشووری کوردستان و هەروەها دانیشتووانی شارەکانی دیکەی عێراقی هانداوە بە ناردنی نامەی پشتگیریی سیاسەتی رژێمی شاهەنشاهیی ریسوا بکەن و هاوبەستەگی نەتەوەیی خۆیان بۆ ئازادیی کوردیی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەن .

لەم رووەوە لە (**خەبات**) دا نامەی ژمارەیەك لە قوتابیانی شەقڵاوە بڵاوکراوەتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی ":

ئازادی بۆ تێکۆشەرانی کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو

لە (٢١) قوتابی کوردستانی عێراق لە شەقڵاوەوە ، نامەیەکمان بۆ هاتووە ، تیایا زۆر بە توندی بێزاری خۆیان نیشان دەدەن لەسەر رەفتاری کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بەو ئەزیەتەی برا قوتابیەکانی کوردی ئێرانیان دەدرێت . وە نیشان ئەدەن کە لایەنگری خەباتی قوتابیانی کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو ئەدەن ، وە داوا دەکەن کە دەست بەجێ مەلا محی الدین سنەیی و مەلا حەکیمی جوانڕۆیی بەردرێن "[٣٢].

هەروەها نامەیەکی نارەزایی دیکەی قوتابیان بەزمانی عەرەبی بۆ هەمان رۆژنامە نێردراوە کە ئەمە دەقە وەرگێڕدراوەکەیەتی :

"نارەزایەتی دژی کارە توندوتیژییەکانی حکومەتی تاران بەرامبەر پیاوانی ئاینی کورد

ئێمەی دیموکراتخوازانی کورد لە شاری ئازادییەوە زۆر بە توندی پرۆتێستۆی کارە وەحشیگەراییەکەی فەرمانڕەوا فاشیستەکانی ئێران

---

[32] خەبات ، ژمارە ٦٧، ٢٩ ئەیلولی ١٩٥٩.



دەکەین دژی گەلی کوردمان و داوای ئازادکردنی هەر دوو قوتابی کورد مەلا محی الدین سنەیی و مەلا حکیم جوانڕۆیی دەکەین کە ئێستا لە گرتووخانەی کرماشانن.

ئێمە بۆ ئەو داگیرکەرانەی کە خوێنی گەلی کوردمان دەمژن رایدەگەیەنین کە بەو کارانەیان نەیانتوانیوە و ناتوانن ورەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی پێ بەردەن بەڵکو بە پێچەوانەوە بڕوامان پتەوتر دەبێت و بەرەو پێش دەچین بەرەو رزگاریی کوردستانە داگیرکراوەکەمان .

بژی یەکێتی خەباتی قوتابیانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان .

بژی یەکێتی خەباتی قوتابیانی کورد دەگەڵ تەواوی قوتابیانی جیهان .

ژمارەی ئیمزاکان:٣٢

لە جیاتی ئەوان – عبدالجلیل رضا فیلی"[٣٣] .

دیارە، رژێمی شاهەنشاهیی لەو بوارەدا تەنیا بە لێدان و فشار خستنە سەر قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان لە سنە وازی نەهێنا ، بەڵکو ئەمە سەرەتای خۆکۆکردنەوەی دەزگا ئەمنییەتەکانی رژێم بوو بۆ لێدانی هەموو ئەو کوردە ئازادیخوازانەی کە رژێم بە هەڕەشەی بۆخۆی دەزانین تا زەمینەی پەلامارە سەرتاسەرییەکەی ٣/٢

---

[33] بڕوانە دەقە عەرەبییەکە لە : خەبات ، ژمارە ٦٤، ٢٥ ایلول ١٩٥٩.

ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩بۆ سەر تەشکیلاتی حزبی دیموکراتی کوردستان رەخساند و نزیکەی لە ریشەوە دەریکێشا.

پێش ئەو پەلامارە سەرتاسەرییە ، هێزە ئەمنییەتەکانی رژێم مامۆستا و قوتابیانی ئاینی مزگەوتی ( سوور ) ی مەهابادیان خستە ژێر فشار، ئەو رووداوەی کە دەتوانیین وردەکارییەکانی لە نامەدا بخوێنینەوە کە کەسێك بە ناوی ( مەلا س ) لە ژێر سەردێڕی " کاربەدەستانی تاران مەدرەسەی دینی مزگەوتی سووری مەهابادیان تێك دا " بۆ رۆژنامەی ( خەبات )ی ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی :"

کاربەدەستانی تاران بە تەواوی هەر بوونە زەروو ، وە بەرگ و پێستی خەڵکەوە نووساون تا تەڕایی یان لە بەر بەدەنی دامابێ دەیانمژن و بەو جۆرە ژیانی نەتەوەی کوردیان خستۆتە تەنگ و چەڵەمەوە . برسێتی و هەژاری و نەداری ، زۆربەی نزیك بە تەواوی نەتەوەی کوردی دەبەر خۆی گرتوە، لافاوی جووتیار و زەحمەتکێشانی کرماشان ، سنە ، سەقز ، بانە ، سەردەشت و خانی بۆ دیوی گەرمێنێ (عێراق ) باشترین دەرخەری حەقیقەتی نزمی پایەی ژیانی خەڵکی کوردستانی بە زۆر بە ئێرانەوە بەستراوە .

زۆر و زۆرداری نەتەوایەتی حکوومەتی گەندەڵی تاران لە ئەندازەدا نەماوە و بە جارێك شووی لێ هەڵکێشاوە ، پچووکترین مافێکی تا ئێستا لە هیچ شوێنێکەوە بۆ ئێمە دیاری نەکردوە و باشیش دەزانین ئەگەر بەدەستی حکومەتی تاران بێ قەت دیاری ناکا . بەڵام نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە یەکگرتن و تەبایی ریزەکانیان لە ناو تاقە ریزی خەباتی گەل باشترین رێگای خەبات و تێکۆشانی خۆی دۆزیوەتەوە .





# خەباتی کوردستان

## کاربەدەستانی تاران

### مەدرەسەی دینی مزگەوتی سووری مەهابادیان تیکدا

مەهاباد : مەلا (( .... س ))

کاربەدەستانی تاران بەتەواوی هەر بوونە زەروو ، وە بەرگو پیستی خەلکەوە نووساون تاتەراتی یان لەبەر بەدەنی دامابی دەیانمژن وبەو جورە ژیانی نەتەوەی کوردیان خستوتە تەنگو چەلەمەوە. برسیتیو هەژاریو نەداری ، زوربەی نیزیك بەتەواوی نەتەوەی کوردی دەبەر خوی گرتوە، لافاوی جووتیارو زەحمەتکیشەکانی کرماشان ، سنە سەقز ، بانە ، سەردەشتو خانی بو دیوی گەرمینی ( عیراق ) باشترین دەرخەری حەقیقەتی نزمی پایەی ژیانی خەلکی کوردستانی بەزور بەئیرانەوە بەستراوە .

زورو زورداری نەتەوایەتی حکومەتی گەندەلی تاران لەئەندازە دانەماوە و بە جاریك شووی لی‌هەلکیشاوە ، بچووکترین مافیکی تا ئیستا لەهیچ شوینیکەوە بو ئیمە دیاری نەکردوەو باشیش دەزانین ئەگەر بەدەستی حکومەتی تاران بی قەت دیاری‌ناکا . بەلام نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئیران بە یەکگرتنو تەبابی ریزەکانیان لەناو تاقە ریزی خەباتی گەل باشترین ریگای خەباتو تیکوشانی خوی دوزیوەتەوە .

پاش ئەو هەموو زورو زورداری‌و جەورو ستەمی نەتەوایەتی‌و تالانی خیرو بەرەکەتی ولاتەکەمان ، حکومەتی تاران لەو دوایەدا دەستی بە پەلاماردانی مەدرەسەو وفەقی‌و مولەماکانی دینی کردوە و تا ئیستا کە هەر بە دوژمنی ئازادیو ئازادـ

بوختانی‌نارەواو هروژمی‌بی‌شەرمانە. ئەو داوایەی کاربەدەستانی تاران دەگەل بەرهەلستی پتەوو یەك پارچەی ئیمە روو بەروو بوو ، ئەنانەت قەولیان پی‌داین ئەگەر حازر بەو کارە بین داخوازی ئیمە لەمەر زیاد کردنی حقوقی مانگانە لە ٦٠ تمەن رابو ٩٠ تمەن (= ١٥٠٤ فلس) قبوول بکەن .

لیرەدا باشە بزانریت کە بودجە ( = میزانیە )ی سالانەی ئەو مەدرەسە دینی‌یەی ئیمە لی‌ی دەخوینین ٦٠ هەزار تمەنە ، بەلام زوربەی ئەم دراوە دەبینە حقووق ( = مەعاش ) بو چەند مەلای بەکریگیراوی روکنی ٢ و سازمانی ئەمنیەت ( دەزگای جاسووسی نظامی‌و مدنی ) وەکوو ( مەلا عەبدولای مدرسی ) و ( مەلا حوسینی مەجدی) ئەوانە هەر دووکیان گەورەترین گوناحیان هەیە نیسبەت بە نەتەوەی کورد ، ئەوانە بەمورو ئیمزای خویان داوای پیشەوای شەهیدی نەتەوەی کورد قاضی محمدو هەرانە شەهیدەکانی تریان لە حکومەتی تاران کرد . ( مەلا عەبدولا ) دین‌و ریگای خودای وون کردوەو تەریکەی جاسووسیوەنان دەخواو کوشكو بالەخانەی پیکەوەناوە .

هەر ئەو دوو زاتە ناپاکە لەسەر ئیستاسیونی رادیوی جەمهووریەتی دیموکراتی‌کوردستان بەدایم‌ووتاریان دەخویندەوە و بەهەزارو یەك دەلیلی شەرعی و عورفی ئیسپاتیان دەکرد

خاوەنی دین‌و شەرەف و هەستی مقدسی نەتەوایەتین یەکە یەکە نورەیان دەگاتی‌و دەردەکرین ئەکانی ئەم برا فقی‌یەمان زوری تەئسیر لی‌کردین رهەموومان چوینە ژووری مزگەو ـ تەوەو عەهدو پەیمانی خومان بە کلام اللەی مەجید تازە کردەوە کە پشتی یەکتر بەرنەدەین و سەر بو بی‌دین‌و داگیرکەرو چلکاو خوران دانەنوینین .

هەرواشی لیهات ، هەررەشەو بی حورمەتی وان نیسبەت بە ئیمە بە جیگایەك نە گەیشت بەلام ئەوان جیگایکی تریان دیشاو لەوە دەترسان کە ئەو .٤ نەفەر فەقی دیموکراتە بو دواروژ دەبنە عالمی دینی‌و موعظە بو خەلك دادەدەن . جابویە بەتەواوی هیزیانەوە کەوتنە تەقەلای تیکدانی ئەو مەدرەسە دینی‌یەکە بە زەحمەت‌و هەلی زوری ئیمەو خەلکی بەدین‌و بەشەرەفی مەهاباد دامەزرابوو و چونکوو ئیمە حازر نەبووین بچینە زیرباری جاسووسی و بی‌دینی و عەهدو پەیمانی خومان دەگەل یەك‌و دەگەل نەتەوەکەمان بشکینین ، بویە دەرکی مەدرەسەکەیان لی‌داخستین .

ئەوەیە ئاکارو کردەوەی‌حکومەتی تاران بەرانبەر بەدین‌و وەکوو ئاشکرایە دینی تەنیا بویە و بەدەستەوە گرتوە کە حوکمداری زوردارانەی خوی بە سەرخەلکدا دریژە پی‌بدا دەنا کە دیتە باری راستی دینداری حکومەتی تاران‌و دین : ئەرزو ئاسمانیان بەینە ، شەرەف‌و بەدینی زوربەی عولەمای دینی کوردستان و

## اعلان من وزارة الدفاع

تدعو وزارة الدفاع المناقصين الذين جددوا
ولديهم شهادة ضريبة الدخل لهذا العام للاشتر
( متفرقة / ٣٥ ) لتجهيز قرطاسية للتدريب
التي يمكن الحصول عليها من مديرية العقود
تودع العطاءات في صندوق المناقصات
قبل الساعة الثانية عشر من يوم الاثنين الموافق
من تشرين الاول – ١٩٥٩ .

پاش ئەو هەمو زۆرو زۆرداری و جەوروستەمی نەتەوایەتی و تالآنی خێر و بەرەکەتی وولآتەکەمان ، حکوومەتی تاران لەو دوایەدا دەستی بە پەلاماردانی مەدرەسە و فەقێ و عولەماکانی دینی کردوە و تا ئێستا کە هەر بە دوژمنی ئازادیو ئازادیخوازان ناسرابوو ئێستا دیوی ژوورەوەشی دەرکەوتوە و دەستی داوەتە دوژمنایەتی کردن لە گەڵ دینیش بە ئاشکرا.

لە ئاخری مانگی رابردوودا ، داروودەستەی حکوومەتی تاران پەلپییان بە ئێمە ( چل نەفەر فەقێکانی مەدرەسەی مزگەوتی سووری مەهاباد ) گرت بو هات و هووت و هرووژم بردنە سەر جەمهوریەتی خۆشەویستی عێراق ، جەمهوریەتی کورد و عەرەب و یەکییەتی سۆڤێت و هێزەکانی نیشتمانی بچینە سەر رادیۆی مەهاباد و بەناوی عولەمای دینی و فەقێکانی مەدرەسەی دینی قین و ناڕەزایی دەربڕین دیارە ئەو نووسراوانەی کە بۆ خوێندنەوە لەسەر رادیۆ حازریان کردبوو ، وە دەبوایە ئێمە بیخوێنینەوە ، پرر بوون لە بوختانی نارەواو هرووژمی بێ شەرمانە .

ئەو داوایەی کاربەدەستانی تاران دەگەڵ بەرهەڵستی پتەو و یەك پارچەی ئێمە روو بە روو بوو ، تەنانەت قەولیلن پێ داین ئەگەر حازر بەو کارە بین داخوازی ئێمە لە مەڕ زیادکردنی حقوقی مانگانە لە ٦٠ تمەن را بۆ ٩٠ تمەن ( = ٤١٥٠ فلس ) قبووڵ بکەن .

لێرەدا باشە بزانرێت کە بودجە(=میزانیە) ی سالآنەی ئەو مەدرەسە دینی یەی ئێمە لێی دەخوێنین ٦٠ هەزار تمەنە ، بەڵام زۆربەی ئەم دراوە دەبێتە حقووق ( معاش ) بۆ چەند مەلای بەکرێگیراوی روکنی ٢ و سازمانی ئەمنیەت ( دەزگای جاسووسی نظامی و مدنی ) وەکو



( مەلا عەبدولآی مدرسی ) و ( مەلا حوسێنی مەجدی ) ئەوانە هەر دووکیان گەورەترین گوناحیان هەیە نیسبەت بە نەتەوەی کورد ، ئەوانە بە مۆر و ئیمزای خۆیان داوای پێشەوای شەهیدی نەتەوەی کورد قاضی محمد و هەروا لە شەهیدەکانی تریان لە حکومەتی تاران کرد.

( مەلا عەبدولآ ) دین و رێگای خودای وون کردوە و لە رێگەی جاسووسیەوە نان دەخوا و کۆشك و باڵەخانەی پێکەوە ناوە.

هەر ئەو دوو زاتە ناپاکە لەسەر ئیستاسیۆنی رادیۆی جەمهوریەتی دیموکراتی کوردستان بە دایم وتاریان دەخوێندەوە و بە هەزارویەك دەلیلی شەرعی و عورفی ئیسپاتیان دەکرد کە هەرکەس سەر لەبەر شا و جکوومەتی تاران دانوێنێ لە دین وەرگەڕاوە و ئیمانی بەتاڵە و ئەو کەسانەی شاپەرستن نابێ لە گۆرستانی موسوڵمان دا بنیژرێن و ...و...هتد.

خەڵکی کوردستانە داگیرکراوەکەی ئێرانێ ئەوانە باش دەناسن ، پاش ئەوەی هەوڵ و تەقەلای سازمانی ئەمنیەت و ئەو مەلا چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوانە بە جێگای خۆی نەگەیشت ئەوجار کەوتنە گێرەشێوێنی دەریزی ئێمەدا و دەستیان لەسەر ٦ نەفەران دانا بۆ دەرکردن بە گوناهی دیموکراتیتی و بزۆزی . برایەکی دینی لە ناوماندا راستی گوتوە و بە جوانی بۆی رووناك کردینەوە کە پاش ئەو شەش نەفەرە ئەوانەی حاوەنی شەرەف و هەستی موقەدەسی نەتەوایەتیین یەکەیەکە نۆرەیان دەگاتێ و دەردەکرێن . قسەکانی ئەم برا فەقی یەمان زۆری تەئسیر لێ کردین و هەموومان چوینە ژووری مزگەوتەوە و عەهد و پەیمانی خۆمان بە کلام اللەی مەجید تازەکردەوە کە پشتی یەکتر بەرنەدەین و سەر بۆ بێدین و داگیرکەر و چڵکاوخۆران دانەنەوێنین .

هەرواشی لێهات ، هەرەشە و بێ حورمەتی وان نیسبەت بە ئێمە بە جێگایەك نەگەیشت بەلاَم ئەوان جێگایەكی تریان دێشاو لەوە دەترسان كە ئەو ٤٠ نەفەر فەقێ دیموكراتە بۆ دوا ڕۆژ دەبنە عالمی دینی و موعظە بۆ خەڵك دادەدەن . جا بۆیە بە تەواوی هێزیانەوە كەوتنە تەقەلای تێكدانی ئەو مەدرەسە دینی یە كە بە زەحمەت و هەوڵی زۆری ئێمە و خەڵكی بەدینی شاری مەهاباد دامەزرابوو و چونكو و ئێمە حازر نەبووین بچینە ژێر باری جاسووسی و بێدینی و عەهدو پەیمانی خۆمان دەگەڵ یەك و دەگەڵ نەتەوەكەمان بشكێنین ، بۆیە دەرگی مەدرەسەكەیان لێ داخستین .

ئەوەیە ئاكارو كردەوەی حكوومەتی تاران بەرانبەر بە دین و وەكوو ئاشكرایە دینی تەنیا بۆیە بەدەستەوە گرتووە كە حوكمداری زۆردارانەی خۆی بەسەر خەڵكدا درێژە پێبدا دەنا كە دێتە سەر باری ڕاستی دینداری حكوومەتی تاران و دین ئەرز و ئاسمانیان بەینە ، شەرەف و بەدینی زۆربەی عولەمای دینی كوردستان و بە تایبەتی فەقێیەكان لە ڕوورەشی زیاتر هیچی بۆ دارودەستەی حكوومەتی مەركەزی نەهێشتۆتەوە چونكوو ڕێگەی دین و خودا بۆ ئەبەد لە خەڵك وون ناكرێو دین نابێت كوتەك بەدەستی زۆردارانەوە .

مەسەلەیەكی كوردی یە دەڵێ " زستان دەڕوا و ڕوورەشی بۆ خەڵوز دەمێنێ " ئەوا ئێستا ئێمەیان هەڵوەدا و ئاوارە كردوە و ، وەك سەگی هار بە دوامان دا دەخولێنەوە تاوەكو بمان گرن تەحویلی ئیدارەی نظام وظیفەمان بدەن ، بەلاَم نەتەوەكەمان لە باوەشی خۆیدا دەمانپارێزێو لە كوێرە دی یەكا خەریكی خوێندنی خۆمانین ، بۆ خزمەتی نەتەوەكەمان بۆ ئازادیو ڕزگاری و ، ووشیاركردنەوەی خەڵك . والسلام علیكم . " [٣٤]

[34] خەبات ، ژمارە ٧١ ، تشرینی یەكەم ١٩٥٩



## دەرئە نجام :

١- شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ی عێراق، چەندین گۆڕانكاریی لەسەر ئاستی دەركیی و نێوخۆیی ئەو ولاَتە هێنایە كایەوە كە بوونە جێگەی دڵەڕاوكێی ئێرانی ئاهەنشاهیی پەهلەویی. بەتایبەت سەرنگونكردنی بنەماڵەی پاشایەتیی و دەرچوون لە پاكتی بەغداو نزیكبوونەوە لە یەكێتی شوورەوییو باڵادەستیی شوعییەكانو گەڕانەوەی مەلامستەفا بارزانی بۆ عێراقو هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی كورد لە كوردستانی باشوور. ئەوەی وایكرد دەزگا بایەخدارو ئاسایشییەكانی ئێران بكەونەخۆو بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم بارودۆخەكە بكەن.

٢- لەژێر كاریگەریی ئەو هەڵچوونەی هەستی نەتەوایەتیی كوردستانی باشوور لە كوردستانی ڕۆژهەلاَت ، ژمارەیەك لە لاوانو فەقێیانو قوتابیانی كورد لە شاری سنە، هەستان بە دامەزراندنی ( یەكێتی قوتابیانی ئاینیو مەدەنی كوردستان ) كە دەبوو ڕێكخراوێكی سەربەخۆی خوێندكاریی پیشەیی بووایەو بۆ بەفەرمییكردنی خوێندنو نووسین بە زمانی كوردیی و برەوپێدانی مێژووی نەتەوەیی كوردو بڵاوكراوەی كوردیی و كردنەوەی خوێندنگای فەرمیی بۆ فەقێیانی مەدرەسەی ئاینییو چاككردنی باری گوزەرانی قوتابیانو دانپێدانانی دەرچووانو دامەزراندنیان لەلایەن حكومەتەوە تێبكۆشێت.

٣- بەهۆی نهێنیی بوونی ئەم یەكێتییەو فشاری دەزگا جاسوسییەكانی ڕژێمی شاهەنشاهیی، هەروەها لە ئەنجامی بێ

ئەزموونیی و ساکاریی ئاست و توانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی دامەزرێنەرانی ئەم یەکێتییە کە تێکڕایان لاوی خوێنگەرم بوون، نەتوانراوە یەکێتییەکە بەتەواویی بگەیەنرێتە ئاستی ڕێکخراوبوون و بەرنامەی تێروتەسەلی بۆ دابنرێت و کۆبوونەوە و کۆنگرەی فەرمیی ببەستێت و وەك پێویست دەکات کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرێت. بەڵام بڕیاردان لە کارێکی بەم چەشنە و دامەزراندنی یەکێتییەکە بۆخۆی گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەت هەوڵدان بۆ یەکخستنی قوتانیانی ئاینی(فەقێکان) و مەدەنی کە سەر بە دوو کەلتوری جیاوازبوون و مەسەلەی هاوچارەنووسیی و نەتەوایەتیی (داواکردنی یەکێتییەکی پیشەیی بۆ سەرجەم قوتابیانی کوردستان و هەروەها خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیی) لەدەوری یەکتری کۆکردبوونەوە، ئەوەی لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە قووت نەدەچوو کە سیاسەتی لەهەمبەر نەتەوەی کورددا لەسەر بنەمای نکۆڵییکردن لە مافەکانی کورد و سڕینەوەی فەرهەنگەکەی و سەرکوتکردنی هەر چالاکییەکی ئازادییخوازانەی بنەمای گرتبوو.

٤- هەرچەندە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزو پڕدڵەڕاوکێی ڕژێمی شاهەنشاهیی و دەزگا سەرکوتکارو سیخوڕییەکانییدا بڕیاری دامەزراندنی درا، بەڵام هەڵسوڕانی سەرەڕۆیانەی چەند ئەندامێکی ئەو یەکێتییە کە شەوانە کەوتبوونە نووسینی دروشمی جۆراوجۆر لە نێو شاردا(ئەوەی کە دروشمی سیاسیی بوون وپەیوەندیی بە داواکارییە قوتابییەکانەوە نەبوو) وایکرد دەزگای سازمانی ئاسایش و ئیتلاعات(ساواك) سەرەداوی چالاکیی ئەو یەکێتییەی بکەوێتەدەست و



بەرنامە بۆ پەلاماردانی بکات، ئەوەی کە سەرەتای ئاشکرابوونی کاری یەکێتییەکە و پەلاماردانی بوو.

٥- پەلاماری ساواك بۆ سەر ئەم یەکێتییە و گرتنی ئەندامەکانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەڵاتنی چەند ئەندامێکی بۆ عێراق، شەپۆلێکی لە ناڕەزایەتیی و بێزاریی لەنێو قوتابیانی کوردی باشووری کوردستاندا، بگرە لەنێو قوتابیانی کوردی ئەوروپاش ورووژاندا، ئەوانەی کە لەڕێگەی ناردنی ناڕەزایەتیی و بیرخەرەوە و تەلەگرافەکانیان و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی عێراقدا( خەبات، ئازادی، اتحاد الشعب..هتد)دا دژایەتیی خۆیان بۆ سیاسەتیی فشارو سەرکوتی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێرانیی ڕادەگەیاندو هاوبەستەگیی نەتەوەیی و پیشەیی ئازادییخوازانەی خۆیان ئاشکرا دەکرد.

٦- ڕاستە تەمەنی یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان فرە کورت بوو، ئەوەی زوو پەلاماردراو هەڵوەشێنرایەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر واقیعی ئەودەمی کوردستان و ئێران جێنەهێشت و ئەندامەکانی کە لاوانی خوێنگەرمبوون یان گیران و بەندکران یا هەڵاتن و لەوکاتەدا ئێرانیان جێهێشت، بەڵام دامەزراندنی ئەم یەکێتییە لەلایەن فەقێ و قوتابییەکانی شاری سنەوە لەو دەمەدا بایەخی خۆی هەبوو، سەرەتایەك بوو بۆ ئەو شارەی کە تا ئەو دەمە لە مەیدانی کارو چالاکیی کوردانەدا دژ بە ڕژێم تێهەڵنەچووبوو، جگە لەوەی ئەندامەکانی لە ڕۆژانی داهاتوودا چالاکانە تێکەڵ بە ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون و لەنێو ڕێکخراوە ئێرانیی و کوردییەکان ڕۆڵیان بینی.

# ملخص البحث

يتناول هذا البحث تأسيس منظمة طلابية مستقلة سرية في مدينة سنندج في كردستان الايرانية تحت اسم ( اتحاد طلبة كردستان الدينيين و المدنيين) عام ١٩٥٨، هذه المنظمة التي اسست من قبل مجموعة من طلاب مدارس الجوامع الدينية غير الرسميةو عدد من طلاب المدارس المدنية الرسمية بشكل سري وفي ظروف حساسة و بالغة التعقيد و بتأثير الظروف المستجدة في العراق و كردستان–العراق بعد ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ اسقاط النظام الملكي الهاشمي و تأسيس الجمهورية العراقية بزعامة عبدالكريم قاسم. تلك الثورة التي كانت نقطة تحول في العلاقات الكوردية مع الحكومة العراقية الجديدة جاءت بنتائج اجابية اهمها الاعتراف بالقومية الكوردية كشريك في الوطن و بدء النشاط العلني لحزب الديمقراطي الكوردي و رجوع البارزانيين اللاجئين في الاتحاد السوفيتي الى العراق و كذلك ظهور الجرائد و المنشورات الكورديةو وثبة في النشاطات لبسياسية و الثقافية القومية الكوردية بشكل لم تسبق لها مثيل. اذ كانت لتلك المستجدات والنتائج تأثير واضح في نفوس و روحية شباب الكورد في كوردستان ايران الذين كانوا انذاك يعانون من الاضطهاد السياسي و القومي و الثقافي و كانوا محرومين من حقوقهم في ظل النظام الشاهنشاهي العنصري الاستبدادي. فاتحاد طلبة كردستان الدينيين و المدنيين اخذت على عاتقها النضال من اجل الحصول على حق التدريس بلغة الام الا وهي اللغة الكرديةو كذلك الاهتمام بنشر الثقافة الكرديةو التأريخ الكوردي و العمل من اجل افتتاح مدارس دينية حكوميةو تحسين الوضع المعيشي للطلاب الكوردو تعينهم بعد اكمال دراستهم في كوردستان. و جدير بالذكر، ان تلك المنظمة لم تستطع ان تعمل بشكل علني و لم تتمكن بسبب طبيعة السياسة الاستبدادية للنظام من جهة و قلة تجربة اعضائها من جهة اخرى ان تحافظ على سرية عملها و بقائها، اذ هاجمها جهاز استخبارات و امن الدولة الايرانية /"سافاك" و تمكن من اعتقال و سجن الكثير من اعضائها و شرد الاخرون مما ادى بنهاية المنظمة، هذا الهجوم الذي كان في وقته موضع استنكار و شجب العديد من المنظمات و الجماعات الطلابية الكردية في العراق بل وفي اوربا.



# Abstract

This study deals with an establishment of the ( Kurdistan religious and civil student Union ), this underground society that founded by a number of Kurdish students in Sanandaj city in Iranian Kurdistan in 1958 in a sensitive and complicated situation by an effect of the new circumstance in Iraqi Kurdistan after the 14 July revolution and the its subsequent events. Its worth to mention that, the article No3 of the republic constitution recognized the Kurds as a partner in Iraqi state. The leadership of the revolution promised to give the Kurdish people all its national and cultural deprived rights within the republic. To achieve that, the new government invited Mala Mustafa and the Barzanis refuges in Soviet to return to Iraq, released detained barzanis, allowed the public activity of the Kurdistan democrat party and the publishing of Kurdish newspapers and magazines. this new situations revived of the Kurdish national movement and their strive to attain all its rights in Iraq. This circumstances motivated a number of Kurdish students in Sanandej, those that as their native peoples were deprived from all their national and cultural rights under the Pahlavi regime, to found the Kurdistan religious and civil student Union, struggle for their cultural and social rights. After The disclosing of the Union by the security forces of Iranian dictatorship regime ( SAVAK ), this oppressed force attacked the Union and vanished it, after they arrested about 100 of its members and forced others to run away to Iraq.